



# Diapason

ووشه ی(Diapason)یا ( دیابازۆن ) ناوی ئامێرێکه که له زمانی کوردیدا به ( دەنگ پێوەر ) دەناسرێت .ئەم ئامێره بۆ یەکەم جار له لایەن زانای ئەڵمانی ( هیرمان فۆن هیلمهولتز ) دۆزراوەتەوە .ئامێری(دیابازۆن ) ، وەک له وێنەکەدا دیاره بەشی سەرەوەی وەک شێوەی پیتی ( U) ی زمانی ئنگلیزی وایه وه بەو بەشەوه کلکێک هەیه که بەهۆیەوه ئامێرەکه دەگیرێت ، وه کاتێک که لایەک له بەشی سەرەوەی بکێشرێت به تەنێکی ڕەقدا ، وه له گوێ نزیک بخرێتەوه ، دەنگێکی زەنگ ئاسا له ئامێرەکەوه دەبیستین که ئەم دەنگه تاڕادەیەک درێژ خایان و بەردەوامه ، وه وەک دەنگێکی موزیکیی ڕاست ودروست دەتوانرێت بۆ کۆک کردنی ئنسترومێنته موزیکییەکان بەکاربێت ، یا بۆ دۆزینەوەی هەر کام لەدەنگه موزیکییەکان . لەسەرەتاکاندا ئامێری ( دیابازۆن ) زیاتر لەسەر تۆنی دەنگی(A)یا (لا ) دروست کراوه ، بەڵام دواتر هەمان ئەم ئامێره به چەندین قەبارەی جیاواز دروست کراوه ، به ڕادەیەک که له سەر تۆنی دەنگیی سەرجەم دەنگه موزیکییەکان نمونەی لێ دروست کراوه وەک له وێنەکەدا دەبینرێت .

Muzic-Chrakan
2005